فڕۆکە جەنگیەکان لەسنوری حەمرین بەردومانکیان ئەنجامدا

فەرماندەیی ئێپەراسیۆنە هاوبەشەکانی عێراق رایگەیاند، لەڕێگەی فڕۆکەی F16ەوە هێرشە ئاسمانییەکانی عێراق حەشارگەکانی داعشیان لە زنجیرە چیای حەمرین کردە ئامانج.

فەرماندەیی ئێپەراسیۆنە هاوبەشەکان لە ڕاگەیەندراوێکدا باویکردەوە، فڕۆکەی ئێف 16ی عێراقی بە پشتبەستن بە زانیارییەکانی بەڕێوەبەرایەتی هەواڵگری سەربازی و بە هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ شانەی ئامانج/فەرماندەیی ئێپەراسیۆنە هاوبەشەکان، هێرشێکی ئاسمانی سەرکەوتویان کردە ئامانج.

ئاماژەی بەوەشکردوە، لە بەردومانەکەدا حەشارگەکانی تیرۆریستانی داعش لە زنجیرە چیای حەمرین کراونەتە ئامانج و زیانی لە شانە تیرۆریستییە تێکشکاوەکان گەیەندراوە.

ئەوەشیخستەڕو، تاوەکو ئێستا ژمارەی تیرۆرستە کوژراوەکان و ناسنامەکانیان نەزانراوە و دوای لێکۆڵینەوەکان بەفەرمی ئاماری کوژراوەکان و ناسنامەکانیان ئاشکرادەکەن.